www.kurdistannet.org

# هەر ئەوە یاریم

**ئارام فەرەج قەرەداغی**

لە ناوچەی سلێمانی یارییەک بە ناوی (موشێن و هەڵماتێن)ەوە هەیە، ئەگەر یەکێک تیل نەکات و بیەوێ لە شوێنی خۆیدا بمێنێتەوە دەڵێت هەر ئەوە یاریم، واتە (من ناجوڵێم و ئێرەم پێباشترە).

ماوەیەکە مامۆستا حەمەسەعید حەسەن ئەگەر گومان لە سەر خۆی لابەرین و بڵێین نەخێر ئەوە دەرویێشەکانە نامەی بۆ دەنێرن و دەیلاوێننەوە،ریکۆردی شکاندووە مانگی دوو سێ نامەی لە لایەن موعجیبەکانییەوە پێ دەگات، پێدەچێت ئەمجارەیان لە دیاربەکرەوە ژنێکی کۆنە پەکەکەی شۆخ و شەنگ خەریکی رازاندنەوەی نامەیەکی جوان بێت و بۆی بەرێ بکات. کەچی بێئینسافانە لە چەند لاوە تەقەی لێدەکرێ، بەتایبەتی دەربارەی مەسەلەی ژارابارانی هەڵەبجە، کە بە لێکۆڵینەوە و بۆچوونی زیرەکانەی خۆی و لەبەر بەرژەوەندی و وننەکردنی ڕاستییە مێژووییەکان ئەوەی سەلماندووە کە بەڵێ: خەتای یەکێتی بووە دەنا هەڵەبجە کیمیاباران نەدەکرا.

بۆ ئەمە سەلام عەبدوڵلا و پێشتریش کەسانی تریش لە کۆڕ و موناسەباتی جۆراوجۆردا وەلامیان داوەتەوە، کەچی ئەم تاکە وەلامێک پێی بووبێت ئەوە بووە، کە دیسان ئەو نووسینەی جارێکی تر بە شێوەیەکی تر دابەزاندۆتەوە، ئەو مانایەی گەیاندووە کە تەنها یەک وشەی بۆ بۆچوونەکەی زیادکردووە، ئەویش دەڵێ: ( هەر خەتای یەکێتی بوو دەنا هەڵەبجە کیمیاباران نەدەکرا. هەر ئەوە یاریم). بۆ نووسینەکەی رۆژی 22 / 3 / 2002 دیسان وشەیەکی تری خستەسەری و هاواری کرد: (دەسا هەر خەتای یەکێتی بوو دەنا هەڵەبجە کیمیاباران نەدەکرا. هەر ئەوەش یاریم). رۆژێک دوای ئەوە سەلام عەبدووڵلا وەلامێکی تری دایەوە. جارێ کاکە حەمە بێدەنگە و ئەگەر درۆم نەکردبێت پێدەچێت ئەمجارەیان بڕیار دەدات وا بڵێت: (دەسا تاڵتان بێت و ترشتان بێ هەر خەتای یەکێتی بوو دەنا هەڵەبجە کیمیاباران نەدەکرا. ئەمجارەش هەر ئەوە یاریم). حەمەسەعید حەسەن لەم پێداگرتنانەدا دەیسەلمێنێ کە بەڕاستی نووسەرێکی رەسەنی کوردە و کوردیش لای بێگانە بە کەللە ڕەق ناوی دەرکردووە، من پێشنیاری ئەوە دەکەم، هەرگیز لە کەللەی خۆی نەیەتە خوارێ، خۆ مەسەلە جل وبەرگ گۆڕین نییە: چۆن کەسێک تفێکی ڕۆکرد، هەڵی دەگرێتەوە، یان قسەیەکی کرد لێی پاشگەز دەبێتەوە. با نووسین و وەلامی ئەمجارەیان بۆ سەلام عەبدوڵلا و ئەوانی تر ئەوە بێ و بڵێ (دەسا تاڵتان بێت و ترشتان بێ نەک هەر خەتای یەکێتی بوو کە هەڵەبجە کیمیاباران کرا، بەڵکو بادینان و گەرمیانیش ژاربااران نەدەکرا ئەگەر یەکێتی ئەو چەند پێشمەرگەیەی لەوێ نەبووایە ). ئەو کاتە منیش بە دڵنیاییەوە دەڵێم: وەڵلا باوکم ونکردن و بێسەروشوێنکردنی 8000 بارزانییەکانییەکەش هەر خەتای یەکێتی تێدابوو، کەی ئەوە پارتی بوو لەگەڵ سوپای ئێراندا لە حاجی هۆمەرانەوە پەلاماری سوپای عێراقیان دا!!.

قەڵەمی بوێر ئەوەیە غیرەت بداتە خۆی ڕاستییەکان روون بکاتەوە و ئە ئاوا بنووسێت و لاپەڕە تەماوییەکان هەڵبداتەوە و بەو شێوەیە بیانرەوێنێتەوە .

حەمەسەعید حەسەن بە توانایە هێندە دەرەقەتی زانست و مەسەلەی : زمان، ساتیر، چیرۆک، ئەدەب، شیعر، رۆژنامەگەری، سیاسەت، ئافرەت، و کۆمەلایەتی دێت، جێی خۆیەتی ئەگەر متمانەی بدەینێ و لێگەڕێن مێژووەکەش ئەو بۆمان بنووسێتەوە و لاپەڕەکان ئەو بۆمان ڕەش بکاتەوە. بۆیە منیش دەڵێم: کاکە حەمە گیان مەعز بۆ خودا ئەو کارە بکە و منیش دەڵێم هەر ئەوە یاریم.